# حەج گەشتی رۆح و پاکبوونەوەیە




بەڵێ لەقوتابخانەیەکی بنەڕەتی ئینجیل لەپەنای مێژوو دەخوێندرێت

........ ل٦-٧



خالد ئەلبێر:

هەر کەسێك کێشە لەنێوانمان دروست بکات، دەستی سێیەمە

..... ل٣


www.zanayan.org

پەیام

پەیام کۆن نابێت

رۆژنامەیەکی رۆشنبیری ئایینیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دوو هەفتە جارێك دەری دەکات

ژمارە (٦٣) یەك شەممە ٢٣ی ذي القعدة/ ١٤٣١ ٩ی گەلاڕێزان ٢٧١٠ ٢٠١٠/١٠/٣١


### لە بەرامبەر سوکایەتیکردنیان بە پیرۆزییەکانی ئیسلام

## چاودێرو هاوڵاتی رێکاری یاساییان لەسەر دەگیرێتە بەر

دوای ئەوەی هەفتەنامەی چاودێر چەند وتارێکی لێوانلێو سنووربەزاندن بەرامبەر بە پیرۆزیەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و خەڵکی موسڵمانی کوردستانی بلاوکردەوە، هەڵستا بە بلاوکردنەوەی وێنەیەکی کاریکاتێری لەسەر پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لەسەر بێت، کە بە هیچ پاساوێك نەدەبوو هەڵسورێنەرانی ئەو رۆژنامەیە مافی ئەوە بەخۆ بدەن لە کوردستان دەست بۆ ئەم کارە ببەن، بەتایبەتی کە دەرکەوت ئەو جۆرە کارانە چ کاردانەوەیەکی سەلبی لەسەر هاوڵاتییانی موسڵمان دەبێت.

رۆژنامەی (هاوڵاتی)ش ماوەیەکە دەستی بە بلاوکردنەوەو وەرگێرانی کۆمەڵێك وتار کردووە، کە هیچ سنوورێکی بۆ پیرۆزییەکان نەهێشتۆتەوە، تا کار گەییشتە ئەوەی وتارێك بلاوبکاتەوە، کە سوکایەتی بە زاتی خوای پەروەردیگار دەکات و، پێچەوانەی هەموو دەقە راشکاوەکانی قورئان (رەگەز) دەداتە پاڵ خوای گەورە، کە ئەوەش دەکەوێتە خانەیەکی ترسناکەوە.

لە بەرامبەر ئەوەدا یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەستی کردووە بە گرتنەبەری رێکاری یاسایی لەسەر هەردوو رۆژنامەکە، مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی زانایان بە (پەیام)ی راگەیاند: ئەگەر ئەوانە بە مافی خۆیانی بزانن بە دەرچوون لە یاساو بەها پیرۆزەکان و دابی گشتی کۆمەڵگا هەڵبستن، ئەوا ئێمە زیاتر بە مافی خۆمانی دەزانین، کە بەرێگای یاسایی داوا لەسەر هەردوو رۆژنامەکە تۆمار بکەین، ئەوەش وەك پارێزگاریکردنێك لە عەقیدەو باوەڕی موسڵمانانی کوردستان.

### جێگری سەرۆکی پەرلەمان فەتواکانی یەکێتی زانایان بەڕەسمی وەردەگرین



رۆژی (٢٠١٠/١٠/١٩) دکتۆر ئەرسەلان بایز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و شاندێکی یاوەری کە پێکهاتبوون لە د.بەشیر سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و حاکم رزگار لەلیژنەی ئەوقاف و عەبدولسەلام بەرواری سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵایەتی و سەمیرەخان و سەبیحە خان لە لیژنەی ئافرەتان، سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانیان کرد.

لە دانیشتنێکدا کە سەرۆك و جێگری سەرۆکی زانایان و چەند ئەندامێکی مەکتەبی تەنفیزی ئامادەی بوون، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەوتەیەکیدا باسی لەرۆڵی مێژوویی زانایانی ئایینی کرد، چونکە میللەتی کورد قەرزارباری مەلا و حوجرەو مزگەوتەکانی کوردستانە، راشیگەیاند: مامۆستایانی ئایینی کۆڵەکەی ئەساسی مێژووی کوردن، بۆیە ئێمە هەمیشە شانازی بەئایینی ئیسلام دەکەین.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان بەگەرمی پێشوازی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و شاندی یاوەری کرد و، ئەم سەردانەی بەسەردانێکی دڵخۆشکەر وەسف کرد و، گوتی: ئێمە هەموو کاتێك پشتیوانی لە هەوڵ و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، کە خزمەت بە خەڵکی کوردستان دەکات.

درێژی هەواڵەکە لە ل٤ بخوێنەوە..

### بەرپرسی راگەیاندنی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقاف:

## ئامانجی خولەکانمان پەرەپێدانی لایەنی رۆشنبیری مامۆستایانی ئایینیە

پەیام: لە ماوەی رابردوو راگەیاندنی ئایینی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەمەبەستی رۆشنبیرکردن و بەرەو پێشەوە بردنی ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی ئایینی چەندین خولی ئەنجام داوە، تائێستاش زۆرترین مامۆستای ئایینی لێی سوودمەند بوون.

لەو بارەوە بەڕێز سەلام کەریم سیدان راوێژکارو بەرپرسی راگەیاندنی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە (پەیام)ی راگەیاند: مەبەستی ئێمە لە کردنەوەی ئەو خولە رۆشنبیریانە بۆ مامۆستایانی ئایینی، تەنها ئەوەیە بتوانین خزمەتی زانایانی ئایینی بکەین، کە تا ئێستا زۆرترین مامۆستای کوردستان بەشداریان کردووەو، بەلایانەوە شتێکی باش و هەنگاوێکی پێویست بووە.

ناوبراو گوتیشی: زۆری داوای مامۆستایانی ئایینیە، وا دەکات زوو زوو ئەو خولانە بکەینەوەو زیاتر پەرەی پێ بدەین، داواشمان وایە هەرکەس پێشنیارو پرۆژەیەکی لەوە جوانترو باشتری پێیە پێمان بگەیەنێ بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین و خزمەتی مامۆستایانی خۆمان بکەین.

هەروەها گوتی: بەپێی ئامارێکی تایبەت بەو بوارە، زۆربەی مامۆستایان لەگەڵ ئەوەن خولەکان بەردەوام بن، لەگەڵ ئەوەش توانیمانە زۆرترین زانیاری وەرگرین و بۆ بەرنامەی ستراتیژی وەزارەت کەڵکی لیّ وەردەگرین، هەر وەك زۆرێك لە پسپۆڕان لەسەر ئاستی ناخۆو دەرەوە بەو هەنگاوە سەرسام بوونە، چونکە وای کردووە هەرێم بەکەشێکی هێمنانەو میانڕەوی بڕوات و ئەزمونەکەشمان زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت.

### لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا

### سەرۆکی یەکێتی زانایان:

## ناسنامەی نەتەوەیی ویستی خوایەو نابیّ بگۆڕدرێت



**پەیام:** رۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٧ سەرۆکی زانایان لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی یەکێتی زانایان ئاینی ئیسلامی کوردستان لەژێر ناونیشانی (حوکمی شەرعی گۆڕینی نەتەوە) پرێس کۆنفراسێکی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ساز کرد، بۆ قسە کردن لەسەر ئەو ناونیشانەی سەرەوەو راگەیاندنی دیدی ئیسلام لەو بارەیەوە، لەگەڵ گەیاندنی پەیامی لیژنەی فەتوای باڵای کوردستان، بەمەبەستی بەرپەرچ دانەوەی کەسانی ناحەزو، گێرەشێوێن و پلانە شۆڤێنیەکانی دژ بە گەلی کورد.

لەو کۆنگرە رۆژنامەوانیەدا بەڕێز مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایان، بەوردی تیشکی خستە سەر مەترسی ئەو تەوەرەو راشیگەیاند، کە ماوەیەکە هەست دەکریّ کەسانێکی ناحەز دەیانەوێ نکۆڵی لەژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی کوردستان بکەن، بەتایبەتی کوردانی شەبەك و ئێزیدی و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، کە مەبەستیان شێواندنی پرۆسەی سەرژمێری و کەم کردنەوەی پێگەی کوردە لە عیراقدا.

دواتر تیشکی خستە سەر دیدی ئیسلام و رایگەیاند: کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام رێگە بەو جۆرە کارانە نادات، بەڵکو بەتاوانێکی گەورەش هەژماری دەکات، بەپێی دەقەکان دروست نیە مرۆڤ نکۆڵی لە ناسنامەی خۆی بکات یان نکۆڵی لە ناسنامەی بکرێت.

دواتر سەرۆکی یەکێتی زانایان ئاماژەی بە فەتوای لیژنەی فەتوای کوردستان دا، کە لەبەشێکی فەتواکە هاتووە: لادان لە ناسنامەی نەتەوایەتی و گۆڕینی نەتەوە چ بە ویستی خۆی، وەیا لە ژێر هەر فشارێك بێت، بە پێشێلکردنێکی ئاشکرای ویستی خوا دادەندرێت و، بەڵکو گۆڕینی نەتەوە لە ئیسلامدا بە تاوان هەژمار دەکرێت.

لە کۆتایی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەشدا چەندین پرسیار لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە ئاراستە کران و لەلایەن سەرۆکی یەکێتی زانایان وڵام درانەوە.

## یەکێتی زانایان داوا لە وەزارەتی ئەوقاف دەکات کرێی خوێندنی پەیمانگا کەم بکاتەوە

**پەیام:** یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داوا لە وەزارەتی ئەوقاف دەکات، کرێی خوێندنی پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان کەم بکاتەوە.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەهەنگاوێکیدا هەڵستا بە کردنەوەی چەند پەیمانگایەکی ئێواران، کە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوانەی لە خوێندن دابڕاون، بەڵام ئەوەی قوتابیانی ئەو پەیمانگایانە داوای دەکەن، زۆری کرێی خوێندنە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار سەردانی یەکێتی زانایانیان کردووەو، گازاندەی زۆریشیان هەیە، چونکە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن بڕی (٩٠٠,٠٠٠) نۆ سەد هەزار دینار وەردەگیرێت.

بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وێڕای داواکردنی رووبەڕوو، رۆژی (٢٠١٠/١٠/١٧) بەنووسراوێکی رەسمی داوا لەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کردووە، بۆ ئەوەی ئەم کرێیە کەم بکاتەوە.

لەنووسراوەکەدا هاتووە: پێمان وایە ئەم بڕە پارەیە شان بەشانی هەندێ کۆلێژو پەیمانگای ئێواران لەکوردستان و عێراق زۆرە، بۆیە تکامان وایە هەوڵ بفەرموون بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی ئێوارانی سەر بە وەزارەتەکەتان، کە ئەم هەنگاوەش کارێکی ئیجابییەو خزمەتێکی تری وەزارەتەکەتانە بەزانایانی ئایینی لە کوردستان.

www.zanayan.org

### زانایانی ئایینی کوردستانی تورکیا:

## داوا دەکەن بەکوردی وتار بخوێننەوە

لەشاری دیاربەکری باکووری کوردستان کۆنگرەیەکی زانایانی ئایینی بەناونیشانی (تێڕوانینی زانایانی ئایینی بۆ دۆزی کورد) بەسترا، کە زانایانی هەر یەك لە پارێزگاکانی دیاربەکرو بینگۆڵ و سرت و وان و هەکاری و باتمان و شەرناخ و قارس تێیدا بەشداربوون.

لەبەیانی کۆتاییدا کۆمەڵێك داواکاریان خستەڕوو، لەوانە هەوڵدان بۆ خستنەگەڕی توانای زیاتر بۆ پارێزگاریکردن لەسەقامگیری ناوچەکەو، نەڕێشتنی خوێن لەناو یەك گەلداو، هەروەها هەموارکردنی هەندێك لەبنەما یاسایی و دەستوورییەکانی سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی، تا بکرێتە سەرۆکایەتیەکی سەربەخۆو، تێیدا کورسی تایبەت بەمەزهەبی شافیعی و مەزهەبەکانی دیکەشی تێدا بێت. هەر لەو کۆلێژەیە دۆزی کورد بەدۆزێکی چوار وڵات دانراوز، داوایان کرد رێگە بدرێت خوێتنی قەوتابخانەو وتاری هەینی بەزمانی کوردی بێت.